# هێنری کیسنجەر:
# عێراق بۆ ئێمە لە ڤیەتنام ترسناکترە

## و لە فارسییەوە: محەمەدی مشیر

زیانەکانی توندوتیژی تایفەگەری لە عێراقدا لە مانگی ئاداری رابردوو لە چاو مانگی شوباتی 2007 رێژەی 15٪ زیادی کردووە. بە پێی هەواڵەکانی ئاژانسی فەرەنسا، 2078 کەسی سڤیل و پۆلیس و سەربازی عێراقی لەو مانگەدا کوژراون و لە بەرامبەریشدا تەنها 80 سەربازی ئەمریکی دووچاری هەمان چارەنووس هاتوون. ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە خەلیلزادی باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لەعێراق رایگەیاندبوو کە رێژەی توندوتژی لە شاری بەغدا، لەوکاتەوە کە جموجوڵی هاوبەشی نێوان هێزەکانی عێراق و ئەمریکا دەستیپێکردووە، لە25٪ کەمی کردۆتەوە.
هەرچەندە هێرشەکان لە بەغدا کەمتربوونەتەوە،بەڵام لەدەرەوەی پایتەختدا رێژەی توندوتیژی روو لە زیادبووندایە. ئیعدامکردنی ئەو کەسانەی دەدرێنە پاڵ هەندێ لە هێزە شیعەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەتەوە، بەڵام چاندنی بۆمب و تەقینەوەکان کە دەدرێنە پاڵ هەندێ لە گرووپە سوننەکان رێژەیان زیادی کردووە.
جەلال تالەبانی، سەرۆك کۆماری عێراق، رۆژی یەکشەممەی رابردوو لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کە میلیشیاکانی سوپای مەهدی بە بڕیاری موقتەدا سەدر جموجۆڵەکانیان راگرتووە و عەرەبە سوننەکانیش هیچ گلەییەکیان لەوان نەبووە.

### (سەرکەوتنی سەربازی لە عێراقدا مومکین نییە)

هێنری کیسنجەری وەزیری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە بە نەخشەسازی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڤیەتنام دادەنرێ، رۆژی یەکشەممە 4/1 رایگەیاندووە کە کێشەکانی عێراق لە جەنگی ڤیەتنام ئاڵۆزترن و چیتر ناکرێ باسی سەرکەوتنی سەربازی بکەین. بە گوتەی کیسنجەر سەرکەوتنی سەربازی لە دۆخی عێراقدا بەو مانایەدێ کە کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکانی ئەم وڵاتە بکرێ، ئەمەش مومکین نییە.
کیسنجەر کە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەیەکی فەخری لە زانکۆی(واسادا)سەردانی شاری تۆکیۆی ژاپۆنی کردبوو، لە لێدوانێکیدا بۆ پەیامنێری ئەسۆشیێتدپرس رایگەیاندووە کە" لە جەنگی ڤیەتنامدا دەوڵەتان دەرگیری یەکتر ببوون و هەر یەکە و کۆنترۆڵی ناوچەیەکی دیاریکراوی دەکرد، بەڵام کێشەی عێراق زۆر لەو جەنگە ئاڵۆزترە". کیسنجەر کە یەکێکە لە راوێژکارانی جۆرج بۆش بۆ کاروباری عێراق، سەبارەت بە پاشەکشەی لە پڕی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق یان لە دەستدەرچوونی کۆنترۆڵی ئەم وڵاتە، بە پێی لێدوانەکەی لەو باوەڕەدایە کە ئەم کارە دەبێتە مایەی شێوان و تێکچوونی بارودۆخی عێراق. ئەو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی عێراق، کە لە ئاداری رابردوو بە بەشداری ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دراوسێی عێراق، لە بەغدای پایتەخت بەسترا، بە هەنگاوێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەداو، لە مبارەیەوە دەڵێ:" هەر کەسێك پێویستی بەوە هەیە خۆی ئامادەبکا تاکو دانوستان لە گەڵ دوژمنەکانیدا بکا". کیسنجەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێ:" لەوانەیە جەنگی عێراق ساڵانێك درێژە بکێشێ و، بۆ پاراستنی بەرژەوەندە میللییەکانی هەردوو حزبی دیموکرات و کۆماری پێویستە ناکۆکییەکانی نێوانیان بە لاوە بنێن".

### (ئیئتیلافی میانڕەو)

ئەیاد عەلاوی، سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، كە بە سكۆلارێكی شیعە مەزهەب ئەژماردەكرێ، دوای سەردانی كۆمەڵێ لە ولاٌتانی خۆرهەلاٌتی ناوەڕاست گەڕایەوە عێراق و چاوەڕواندەكرێ خۆی بۆ وەدەستهێنانەوەی دەسەلاٌت ئامادەبكات.
بە پێی راپۆرتێكی ئەسیۆشیێتدپرس، عەلاوی بۆ ئەم ئارمانجەی پشت بەو بۆچوونە دەبەستێ كە گوایە ئەو ولاٌتەی ناوی عێراقە و ئێستاكە لە لایەن دەوڵەتمەدارانی شیعەوە بەڕێوەدەبرێت لە ناو دەچێ و، بۆ پێشگرتن لەم ئاكامەش دەبێ سوننەكان رۆڵێكی زیاتریان لەم دەوڵەتەدا هەبێ. ئەگەرچی كۆمكاری عەرەبی پشتیوانی لەم ئایدیایە دەكا، بەلاٌم زۆربەی نوێنەرە شیعەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناكۆكن لە گەڵ ئەو بۆچوونە سكۆلاریستانەی كە عەلاوی هەیەتی.
بە پێی ئەسیۆشیێتدپرس، هەندێ لە هێزە سیاسییەكان لەو باوەڕەدان كە بەشێكی زۆری بڕیارەكانی حكومەتی عێراق لە ژێر كاریگەری یاساكانی مەزهەبی شیعەدان و، ئەو گرووپانەی كە لە نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی شیعە مەزهەبەوە نزیكن و پشتیوانی لێدەكەن هیچ مەیلێكیان نییە بۆئاشتبوونەوە لەگەڵ سوننەكان.
حكومەتی عەلاوی لە مانگی 6 ی 2004 وە تاكو هەڵبژاردنەكانی 2005 ، كە حزبە شیعەكانی بە دەسەلاٌت گەیاند، ئیدارەی عێراقی بە دەستەوەبوو. ئەو دوابەدوای هێرشەكانی ئەمریكا بۆ سەرعێراق گەیشتە سەرۆكایەتی حكومەت، بەلاٌم ئێستاكە هەوڵدەدا، لایەنی كەم لەم كاتەدا، خۆی لە بەر دیدی گشتی ئەمریكا بە دوور بگرێ و، لە بارەی ناردنی هێزی زیاتری ئەمریكا بۆ عێراق بە مەبەستی بەرقەراربوونی ئاسایش هێندە گەشبین نییە.
عەلاوی لە بارەی نوری مالیكی پێیوایە:" كە مالیكی مەیلی دانوستانی نییە لە گەڵ ئەو عەرەبە سوننانەی لە سەردەمی (سەدام)دا كاروباری ولاٌتیان بە دەستەوەبووە". ئەو نیشانی داوە كە دەیەوێ لە گەڵ میانڕەوەكاندا ئیئتیلافێك پێكبهێنێ، بەلاٌم مایەی ئاماژەپێكردنە كە تا ئەو كاتەی حكومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەر كاربن، قەڵەمڕەوی عەلاوی بۆ هێنانە كایەی هەر جۆرە گۆڕانێك كاریگەریەكی ئەوتۆی نابێت.

سەرچاوە: سایتی بازتاب- 2007/4/1